# هەتیوەکانی دیکتاتۆر

## نەجم والی لەسەر هەتیو کەوتنی یەکێتی نووسەرانی عەرەب دەنووسێ

خەلیل غەزەلی

کردوویە بە کوردی



مانگێک پێش ئێستا یەکێتی نووسەرانی عەرەب لە قاهێرە دانیشتنێکی بەڕێوە برد کە نوێنەرانی ئەم یەکێتییە لە هەموو وڵاتانی عەرەب ،جگەلە ئێراق، تێدا بەشدار بوون. ئەڵبەت ئەمە یەکەمجار نییە کە نوێنەرانی یەکێتیی نووسەرانی عەرەب لە ئێراق ، لە کۆبوونەوەی گشتیی ئەم یەکێتییەدا بەشدار نین. ئەم نووسەرانە لە کۆبوونەوەی دیمشق (ساڵی 2004) و ئەوەی ئەلجەزایر(ساڵی 2005) یش بانگهێشت نەکران. ئەوەی کە بە کارێکی نوێ دێتە پێش چاو، ئەوەیە کە سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی میسر، کە پێشتر بەهۆی نووسینەوەی بەرهەمەکانی "نەجیب مەحفووز" ناوی دەرکردبوو، بە ڕۆژنامەوانانی بەشداری کۆبوونەوەی ئیمساڵی گوت"یەکێتی نووسەرانی هەموو وڵاتانی عەرەب،بێجگە لە ئێراق، بۆ ئەم کۆبوونەوە بانگهێشت کراون. هۆی بانگ نەکردنی یەکێتی ئێراقیش ئەوەیە کە ئێمە گومانمان هەیە کە پێوەندیی لەگەڵ ڕژێمی زایونیستی هەبێ". سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی میسر، کە وێدەچێ وەک سەرۆکی گشتیی یەکێتی نووسەرانی عەرەب هەڵبژێردرێت، ڕەنگە مەبەستی لەو شێوە قسەکردنە لەسەر یەکێتی نووسەرانی ئێراق ئەوەبێ کە پێش بە دووپات بوونەوەی ڕووداوە ناحەزەکەی ئەلجەزایر(2005) بگرێت. چوونکە لەو ساڵەدا نوێنەرانی یەکێتی نووسەرانی ئێراق سەرەڕای بێحورمەتی پێکردن، لە کۆبوونەوە و تەنانەت هوتێلیش وەدەر نران. ئەمەش سەرەڕای ئەوەبوو کە هەزینە و خەرجی هەموو کونفرانس و کۆبوونەوەکان، "یەکێتی عەرەب" وەئەستۆی گرتبوو، کە ئێراقیش ئەندامێکی ئەو یەکێتییەیە.

هەرکەس ئەوە باوەڕ بکات کە دەستەی نوێنەرایەتیی ئێراق بەو هۆیە کە سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی عەرەب باسی کرد(هاوکاریی لەگەڵ ئیسرائیل- و. کوردی) بانگهێشت نەکراوە، دەبێ بەو ڕاستییە بگات کە هەموو نووسەرانی عەرەب لە یەکێتییەکانی وڵاتانی عەرەبی و لەوانە میسرییەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە دابین و باربوو دەکرێن. هێنانە گۆڕی بوختانی هاوکاریی لەگەڵ"دوژمنی زایونیستی" ، داهێنانی فەرهەنگی ڕەگەزپەرستانەی عەرەبە. دەستەواژەیەک کە بۆ مەبەستی ناوخۆیی هاتووەتە ئاراوە.

سەرەڕای ئەوانەی کە باسکران، ئێستا ئەو تاوانەش، کە ئێراق خەریکی هاوکاری کردنی "ئامریکای دوژمن و داگیرکەرە" لە هەموو بڵاوکراوەکانی عەرەبیدا بڵاو دەبێتەوە و وەک "ڤایرووس" جیهانی عەرەبی گرتووەتەوە، ئەم پروپاگەندەیە نوسەرانی ئێراقی کردووەتە قوربانی. ئەوە لە کاتێکدایە کە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی وەک میسر و ئوردون و عەرەبستانی سعوودی و وڵاتانی عەرەبی کەنداو، خۆیان ناتوانن ساتێ بێ ئامریکا بژین.

لە ماوەی 35 ساڵ دەسەڵاتی حیزبی بەعسدا، نووسەرانی ئێراق هەم بە ئاشکرا و هەم بەشێوەی ڕێکخراوەیی بەسترابوونەوە بە "ئاوەندێکی تایبەتەوە". واتا جێگەیەک کە ڕاستەوخۆ لەلایەن حیزبی خاوەن دەسەڵاتەوە بەڕێوە دەچوو. ئەمە بەو مانایەریە کە هەموو ئەندامانی یەکێتی(نووسەران) ناچار بە ڕەچاوکردنی ڕێباز و بیروباوەڕی سیاسیی نووسینگەیەکی تایبەت بوون کە ڕاستەخۆ لەلایەن تاریق عەزیزەوە بەڕێووە دەچوو. ئەوەش ڕوونە کە تاریق عەزیز ڕاستەوخۆ فەرمانی لە سەدام حوسێن وەردەگرت. شێوەی هەڵبژاردن لە یەکێتی نووسەراندا بە توندی چاودێری دەکرا. واتا هیچ ئازادییەک بۆ هەڵبژاردن نەبوو. کەسێک دەیتوانی خۆی بەربژاربکات، کە کۆمەڵێک مەرج و بڕیاراتی تێپەڕاندبای. بەربژاران دەبوا "خاوێنی فیکر" و "ڕەسەنایەتی عەرەب"ی یان بسەلماندبای. بێجگە لەوانە دەبوا نووسینەکانی خۆیان لە ژێر چاودێریی"جەیش شەعبی" و "فەداییانی سەدام"دا بنووسیبای.

کاتێک "عودەی" کوڕێ سەدام پێی نایە جیهانی سیاسەتەوە، بەرپرسایەتیی کاروباری فەرهەنگی و وەرزشی گرتە ئەستۆ و؛ بۆ چەندین ساڵ سەرۆکی کومیتەی ئولومپیک و هاوکات سەرۆکی یەکێتی ڕۆژنامەوانان و نووسەرانیش بوو. کوڕی گەورەی دیکتاتۆری ئێراق(عودەی) هەموو یاساکانی پێشووی لە زبڵدان هاویشت و یاسای خۆی لە جێگەدانان. یاسا گەلێک کەلەگەڵ خواستەکانی خۆی ڕێکی خستبوون. لە هەموو سەردەمی دیکتاتۆریدا تەنیا چەند دانەیەک

"ڕاستبێژیی دیموکراتیک" سەبارەت بە هەلومەرجی فەرهەنگی دەبینین. ئەڵبەت ئەوەی جێگەی خەم و پەژارەی نووسەران بوو، خۆ نووسین لە یەکێتی نووسەران بوو. دیارە هێندێک شتی دیکەش هەبوو کە بێ‌شک نوێنەرانی یەکێتی نووسەرانی عەرەب کە لە سەردەمانی یاسادانانی کوڕی سەدامدا ئەندام بوون دەیزانن.
بەڵام ئاخۆ شین و شەپۆڕی یەکێتی نووسەرانی عەرەب هیچ پێوەندییەکی بە دیموکراسی‌یەوە هەیە؟ گرتنی لیستەیەکی دوور و درێژی ناوی ئەو ڕۆشنبیرانەی کەلە وڵاتانی عەرەبی ئازار دراون و زیندانی کراون، کارێکی دژوار نییە. عەلی ئەلدەمینی شاعیری عەرەب تا ئەم دوایانە لەگەڵ چەند هاوکاری دیکەیدا لە زیندانەکانی عەرەبستاندا بەند کرابوون. لە سووریە، وڵاتێک کە یەکێتی(نووسەرانی عەرەب) 27 ساڵە ناوەندی نوێنەرایەتیی هەیە، ژمارەیەکی زۆر ڕۆشنبیر لە زیندانەکانی دەسەڵاتی بەعسی دیکتاتۆردا خەریکی لەنێو چوونن. فەرەج بەیرەقدار (شاعیر) 15 ساڵ پێش خرایە بەندەوە (کتێبێک لەسەر سەردەمی زیندانی ناوبراو لەم دوایانەدا لە بەیرووت لەچاپ درا) بیرمەندانی خەڵکی سووریە، میخایل کیلو و عارف دەلیلی ساڵی ڕابردوویان لە زیندان تێپەڕاند.
لە هیچکام لەو نموونانە کە باسکران یەکێتی نووسەرانی عەرەب تەنانەت ئەرکی نووسینی ڕاگەیەندراوێکیان وەئەستۆ نەگرد کە داوای ئازادیی ئەم ئینسانانەیان کردبێت. لە ساڵی 1970 لە ئێراقدا سەرۆکی یەکێتی نووسەران،شاعیر و نووسەر"شەفیق ئەلکەمالی" کە پێشتر بەعسی بوو، ئیعدام کرا. سەدام ناوبراوی بە ژەحری "تالیوم" دەرمانخوارد کردبوو. یەکێتی نووسەرانی عەرەب متقی لەدەم دەرنەهات. بۆوەی لە ئێراقدا زۆرتر لە هەر وڵاتێکی عەرەبی خەڵات و باربووی وەرگرتبوو.
هیچ وڵاتێکی عەرەب بە ڕادەی ئێراقی سەردەمی سەدام لە بوارەکانی شێعر ، ڕۆمان ، گۆرانی، فیلم و شانۆی لە لایەن "بەهرەمەندانی" عەرەب و بیانی‌یەوە پێش کەش نەکراوە. سەدان ڕۆشنبیر ، هونەرمەند لە ساڵدا میوانی سەدام حوسێن دەبوون و لەم فێستیڤاڵەوە دەچوون بۆ ئەو فێستیڤاڵ. فێستیڤاڵی شێعری "مەربەد" و فێستیڤاڵی "ئەبوو تەمام" داستانێکی هەر ساڵە بوون. فێستیڤاڵی "بابل" لە ڕۆژی لەدایک بوونی سەدامدا بەڕێوە دەچوو.کە دەستەهای جۆربەجۆری هونەرمەندان و ژەنیارانی عەرەب و شانبەشانیان دەستە هونەریە ئوروپایەکان، بۆ لەدایک بوونی سەدام هونەرەکەیان پێشکەش دەکرد.
دەوڵەتی پێشووی ئێراق زۆر دەست و دڵبازانە بۆی دەرژاندن و وا گیرفانی پڕ دەکردن کە گەلێک ڕۆمان و شێعر تەنیا لە ستایش و بە بەژن و باڵای سەرداری "جەنگاوەر و پاڵەوان" دا دەنووسران و سوێندیان دەخوارد کە دژمنانی "زایونی" و "ئێرانی" تەفر و توونا دەکەن. دەرهێنەری "پێشکەوتنخواز"ی میسری تەوفیق ساڵەح، فیلمی "ڕۆژێکی درێژ"ی بەرهەمهێنا. فیلمێک کە باسی لە ژیانی پڕ لە نەبەرد و قارەمانەتیی سەدام دەکرد.( ئاکتۆری سەرەکیی ئەم فیلمە زاوای سەدام بوو کە پاشتر بەدەستی عودەی کوژرا). هاوتا میسریەکەی تەوفیق ساڵەح، واتا ساڵەح ئەبوو یووسف، "ئەلقادسیە"ی بڵاوکردەوە کە تێیدا بانگەشەی ئیدئولۆژیی ڕەگەزپەرەستی دەکرد و شەڕ دژی "سێخۆرە ئێرانییەکانی" ستایش دەکرد. شاعیری ناوداری فەلەستینی"مەحموود دەروێش" وەزیری ڕاگەیاندنی ئێراقی ناو نابوو "وەزیری شێعر" بێجگە لەوەش بە شێعر و بە قسە ستایشی "بەغدای ژنانە"ی دەکرد. چوونکە لە شەقامەکانی بەغدا تەنیا ژنی دەدیت.ژنانێک کە هاوسەرەکانیان نێردرا بوون بۆ بەرەکانی شەڕی ئێران و ئێراق !! ڕۆمان نووسی میسری جەماڵ ئەلقەیتانی کەلە وەزارەتی بەرگریی ئێراقەوە خەڵاتی زێڕینی وەردەگرت، کتێبی "پارێزەرانی بەرەی خۆرهەلات" ی نووسی، ئەو کتێبە تەنیاپێداهەڵکوتن و ستایش کردنی جەنایەت و کوشتاری بەکۆمەڵی کوردەکان لە باکووری ئێراق بوو.
ناوەندەکانی چاپەمەنیی لوبنان لە ڕێگەی فرۆشتنی ئەو کتێبانە بە وەزارەتی ڕاگەیاندنی ئێراقەوە دەژیان و پارەی چاکیان دەست دەخست. ئەو ناوەندە چاپەمەیانەی کە هێندێک بوێر بوون و ڕۆمان و شێعر و بەرهەمی نەیارانی حکوومەتیان چاپ و بڵاو دەکردەوە ، لەلایەن ناوەندی "تەخشان و پەخشانی حکوومەتی ئێراقەوە"(وەزارەتی ڕاگەیاندن) بایکۆت دەکران. هەروەها بێجگە لە لوبنان، زۆر ناوەندی بڵاوکردنەوە لە لەندەن و پاریس بە سەرپەرستیی نووسەرانی عەرەب دامەرزان کە هەزینەکەی لەلایەن حکوومەتی سەدامەوە دابین دەکرا. بەڵام هەموویان ، هەر لە پاش رووخانی سەدامەوە بوون بە بەفری بەر هەتاو و توانەوە. ئێستا بۆ ئەم "هەتیو"انەی دیکتاتۆر، کەپاش رووخانی(سەدام) بێ باوک کەوتوون، ئیتر هیچ نەماوەتەوە مەگەر ستایشی شەڕە وێرانکارەکان. هەروەک لە بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەکەیاندا بڵاویان کردەوە. لەو بەیاننامەدا نەباسێک لە ئاشتی کرابوو، نە ئاماژەیەک بە سانسۆر. هیچ داوایەک بۆ بەربەس کردنی ناوەندە بناژۆەکان و فاندامنتاڵیستەکان نەکرابوو . ئەو بەیاننامە تەنیا

ڕیزکردنی هێندێک وشەی سەدەکانی نێوەڕاست بوو کە داخوازی تەریک خستنەوەی نووسەرانی ئێراقیی "دەست و پێوەندەی" زایونیزم بوو.

27 ساڵ پێش پاش ڕێککەتننامەی "کەمپ دەیڤید" لە نێوان میسر و ئیسرائیلدا، یەکێتی نووسەرانی عەرەب ناوەندی نوێنەرایەتیی خۆی لە قاهێرە(میسر) داخست. بۆ ماوەی 27 ساڵ واتا لە کاتی کۆبوونەوەی دیمشقەوە، یەکێتی نووسەرانی عەرەب خەریکە لەگەڵ "ئاشە بابیەکانی"**1** "ئیمپریالیزم و زایونیزم"دا بەشەڕ دێت. کەچی ئێستە پاش ئەو هەموو ساڵە برایانی ون بوو دیسان گەڕاونەتەوە سەر دۆخەکەی پێشوویان و توند و تیژترن لە برایانی "بەعسی"ی سووریيان. بەڵام ئەوەی یەکێتی نووسەرانی عەرەب نایزانێ ئەوەیە کە ئەدەبیات لە سمینار و کۆبوونەوە و نامێلکە سیاسییەکاندا نییە. بەڵکوو لە نیوو خودی ژیاندایە کە دەخوڵقێ و تەنیا لە ئازادیدایە کە گەشە دەکات.

**1**- ئاماژەیە بە کتێبی دونکیشۆت، نووسینی "سێرڤانس" (وەرگێری کوردی)

--------------

نەجم والی لە ساڵی 1956 لە شاری بەسرە لەدایکبووە و لە شاری برلێن(ئاڵمان) دەژیت.
ئەم وتارە سەرەتا بە زبانی ئاڵمانی لە بڵاوکراوەی Sueddeutsche Zeitung لە رێکەوتی 19 ی ژانوویە بڵاو کرایەوە و پاشان لە لایەن **Imke Ahlf-Wien** کراوە بە ئینگلیزی و لە **signandsight** دا بە سەردێری **The dictator's orphans** بڵاو کرایەوە..

ئەم بابەتە لەم ئادرەسە وەرگیراوە:

**http://www.signandsight.com/features/1160.html**